

لارا جەعفەر

پ/ ئایا تۆ بیردەکەیتەوە؟

و/ بەڵێ من بیر دەکەمەوە، من بیردەکەمەوە کە ئایا من بۆچی لە تاقیکردنەوەکان ترسێکم لێ پەیدا دەبێت! بیردەکەمەوە کە بۆچی هەندێک کەس کاتێک کە دەچنە تەمەنەوە و پیردەبن بناڵەکانیان دەیانبەنە خەڵوەتگەی پیری لە کاتێکدا کە هەر دایک و باوکییەتی کە تا ئەو تەمەنە بەخێویان کردووە، ئایا دەبێ ئەمە چاکەکەیان بێت نازانم؟!

کاتێک کە لە خێزانەکەم دوور بکەومەوە کە ئایا ئەوان سەلامەتن؟

کاتێک دەبینم کە کوڕێک بەسەر کچێکدا زاڵە و کردەوەکانی کچەکەی لەدەست خۆیدایە و قسەی ناشیرنی پێ دەڵێت و بیری لێ دەکەمەوە و لەگەڵ ئەو بیرکردنەوەشدا چەند شتێکی ترم بە بیردێتەوە لەوانە جەژنی دایک و جەژنی منداڵ کە ئایا بۆ هیچ گرنگییەکیان پێ نادەن؟! ئایا دایک و منداڵیش هەر بەشی خۆیان لە کۆمەڵگادا نییە؟!

بیردەکەمەوە کە لەگەڵ ڕادەی پێشکەوتنی وڵاتەکەمان ئایا ناتوانن کە کەناڵێک بۆ مناڵان بە زمانی کوردی بکەنەوە؟! ئەم بیرکردنەوانە و چەندین بیرکردنەوەی تری بچوک وەک: لە دوارۆژدا ببم بەچی، لە پۆلی نۆی بنەڕەتی کە دەرچووم بچم بۆ عیلمی یان ئەدەبی....... هتد لە مێشکی من دا هەن و بیریان لێدەکەمەوە.

پرسيار : له كوێوه هاتووين؟

وەڵام : بەبڕوای خۆم، من له دايک و باوكمەوه هاتووم.

پرسيار : بۆكوێ دەچيت؟

وەڵام : بۆ ژيان هاتوم و ڕۆژێک دابێت ببم به ئەندازيار و ببمه بەشێک له ژيانی مرۆڤايەتی و پەرەپێدان.

پرسيار : بۆ كوێ ئەڕۆين ؟

وەڵام : هەر كەسه و ژيانی بەرەو شوێنێک دەڕوات و هەر مرۆڤه و به بيروڕای خۆی بۆ شوێنێک دەڕوات، بەڵام من له ژيان بەردەوام دەبم و له كۆتاييشدا دەگەڕێمەوه بۆ باوەشی سروشت.

لارا جەعفەر
پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی
قوتابخانەی دەڵالان
2009